# بەياننامەی ناڕەزايی رۆشنبيرانی كەركوك

## سەبارەت بەدياردەی تيرۆری فيكريی و تيرۆركردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان

ئەگەرچی دەيان ساڵە نووسەران ورۆشنبيرانی كوردستان لەدۆخێكی نالەبارو پڕ لەمەترسی هەڕەشەی تيرۆستانە و كۆنەپەرستانی تاريكی لە عێراق و دەوروبەر ژيان دەگوزەرێن و هەرجارەی بەشێوەيەك لەشێوەكان كۆنەپەرستان هەڕەشەی دەمكووتكردن و تەكفيركردن دەخەنە پاڵ نووسەران و دەيانەوێ كوردستان بگەڕێننەوە دۆخی تاريكی  و ئازادی رادەربڕين بەتيرۆری فيكريی و تۆقاندن و كوشتنی رۆحی جياوازيەكان بخەنە سەبەتەی كۆنەپەرست و بيرتەسكەكانەوە ، ئێمە وەك رۆشنبيرانی كەركوك ئەم بيرتەسكيەيەی كۆنەپەرستانمان بەهەند وەرنەگرت و هەرهێندەمان لەو عەقڵانە چاوەڕوان دەكرد، ئەوەی بەلای ئێمە نائاساييە لەدۆخێكی لەباری ئەمنی لەكوردستان ئازادی رادەربڕين رۆژبەرۆژ بەرتەسك دەبێتەوەو بكوژان بەرۆژی نيوەڕۆ و بەبەرچاوی هاوڵاتيانەوە سوكايەتی بەنووسەران و رۆشنبيرانەوە دەكەن ، بەداخەوە دەستی رەشی ناحەزانی ئازادی رادەربڕين گەيشتە ئەوەی هيچ حيسابێك بۆ ئينسانبوون نەهێڵێتەوە و حورمەتی زانست و ياسا بخەنە سەروو حيساباتی عەقلييەتی شەڕانگێزی خۆيانەوە ، بەداخەوە رۆژی 4\5 2010 لەبەردەم كۆليجی زمانەوانی زانكۆی سەلاحەدين كۆمەڵێك چەكدار بەبەرچاوی خوێندكارانەوە ،  خوێندكار و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانيان رفاند و دوای دوو رۆژ لەرفاندنی تەرمەكەی لەيەكێك لەگەڕەكەكانی شاری موسڵ دۆزرايەوە ، لەكاتێكدا تيرۆركردنی سەردەشت عوسمان لەپايتەختی

هەرێمی کوردستان بۆخۆی ئەوپەڕی سووکایەتیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەمان کاتدا گورزێکی گورچکبڕە لەهێزە ئەمنییەکانی شاری هەولێر ، تیرۆرکردنی سەردەشت ، تیرۆرکردنی هەموو نووسەران و خەڵکی هەولێریشە بەگشتی ، ئێمە وەك کۆمەڵێك لەنووسەرانی شاری کەرکوك داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆماردەکەین زۆر بەزووی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ بنبڕکردنی تیرۆری فیکری و تیرۆرکردنی نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردستان ، ئەوەی لەم دۆخەدا نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێاتێدەپەڕێ بەر لەهەرکەس و لایەنێك ئەزموونی کوردستانی پێ لەکەدار و ناشرین دەبێت و دۆخی کوردستان هێندەی تر دەخاتە مەترسی و ئەو ئەزموونەی بەناوی دیموکراسییەوە دەخاتە بەردەم پرسیاری مەترسیدارەوە ،
تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان درێژکراوەی تیرۆکردنی سۆرانی مامەحەمە و عبالستارتاهیر شەریفە ، ئێمە وەك نووسەران و رۆژنامەنووسانی کەرکوك بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە قێزەونە دەکەین و داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین پەلە بەکەن لەراگرتنی خۆێنی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کوردستان و تاوابارانان ئاشکرابکەن ، ئەم دۆخە پڕمەترسییەی رۆشنبیرانی کوردستانی پیاپێپەڕدەبێ بەداخەوە خەریکە رۆژبەرۆژ دەبێتە دیاردەیەك ئەزموونی دیموکراسی بەرەو ترسناکترین دۆخ پەلکێش دەکات و هیچ بەهایەك بۆ ئینسانبوون ناهێڵرێتەوە.

1- لەتیف فتیح فەرەج

2- داناعەسكەر

3- عوسمان عەسكەری

4- معتصم نجم الدين

5- مەلافەرمان

6- رابەر رەشید

7- فرمێسك خدر

8- سەراب